# ئێران جێخت لە بەرگریکردن لە وڵاتەکەی دەکاتەوە

عەمید عەزیز ناسزادە وەزیری بەرگری ئێران جێخت لە بەرگریکردن لە وڵاتەکەی دەکاتەوە ، وتیشی ئەمریکا بە پەکخستنی ئابوریی ئێران، جارجارە هەڕەشەی هێرشکردنە سەر تاران دەکات .

عەمید عەزیز ناسزادە لە لەدوانەکدا رایگەیاندوە، پێویستە هەمو ئێرانیەکان روبەڕوی ئەو جۆرە هەڕەشانە ببنەوە کە مەترسین بەسەر ئاسایش و ئەمنیەتی ئێران.

وەزیری بەرگری ئێران وتی، "ئەگەر شەڕ بەسەر ئێمەدا بسەپێندرێت، ئەرکی ئێمە بەرگریکردنە لە نیشتمانەکەمان".

سەبارەت بە گواستنەوەی کەرەستەی سەربازیی ئەمریکا بە ناوچەکە عەمید عەزیز ناسزادە ئاشکرایکردوە، "ئەمە بەشێکە لە ئێپەراسیۆنە دەروونییەکان کە ئامانجیان چاندنی ترس و ناسەقامگیری ئابورییە، ئێرانییەکان دەبێت درێژە بە ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیان بدەن و لە ژێر کاریگەری ئەو پروپاگەندەیە نەبن".

باسی لەوەشکردوە، دەبێت لە ڕوی سەربازییەوە بەتەواوی ئامادەبین، هەروەك چۆن لە کاتی شەڕی 12 ڕۆژەدا بوین، کە ئاگربەستی لێکەوتەوە.